ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# سێ نموونە لەڕەوتی باوی نووسینی کوردی ئەمڕۆمان

فازڵ قەرەداغی

ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژمارە (١٩١) شەممە ٢٠/شعبان/١٤٢٦ کۆچی - ٢٠٠٥/٩/٢٤ زاینی ل١٠

نووسین لەکوردستاندا هێشتا زۆری ماوە ببێتە پیشە. مەبەستیشم لە نووسین وەك پیشە ئەوەیە نووسەر بتوانێ بەهۆی نووسینەوە بژیو ناچاری وەزیفەی حکومەت یان هەر کارێکی تر جگە لە نووسین نەبێ. هەڵبەت زۆریش هەن بە جۆرێکی تر نووسینیان کردۆتە پیشە ئەویش بە کارکردن بۆ حزبی فەرمانڕەواو ستایشکردنی ئەو حزبەو حکومەتەکەی، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە پیشە، نییە بەڵکو قاچاخچێتییە. لەئەنجامیشدا کەم نووسەر ئەو کاتە بەتاڵە زۆرەیان هەیە کە بیانکاتە نووسەرێکی بەتواناو پێش ئەوە بیانکاتە خوێنەرێکی مودمن. ئەمەش هۆیەکی سەرەکیی داماویی نووسەرانمانە کە ئەگەر ژیانی خۆت بۆ ڕەخنەگرتن لێیان تەرخان بکەی، ڕەنگە تەمەنی (نووح)ت بەس نەبێو تا ڕەخنە لە یەکێکیان دەگری چواری دیکەت بۆ دەرپەڕن.

ڕەخنە بۆ خۆی جۆرە موغامەرەیەکە، پێش هەموو شتێك موغامەرەیەکی کۆمەڵایەتییەو هەندێ جار دەبێتە سیاسی بەتایبەت ئەگەر بەرامبەری ڕەخنەلێگیراو چارەی نەمابێو نەتوانێ بە بەڵگەی مەنتیقیو زانستییەوە وەڵامبداتەوە. بەڵام کات ڕێگرێکی ترە، کەسیش تەمەنی (نووح) مسۆگەر ناکات، دەستیشی بکەوێ شتێکی بێمانا دەبێ کە هەمووی بۆ ڕەخنە تەرخان بکات، لەبەر ئەوە مرۆڤ قەناعەت بە ڕەخنەی جاروبار بکات.

لێرەدا سێ نموونەی نووسین، یان نموونەی سێ نووسەر دەهێنمەوە، نموونەکانیش لەسەر ئەوانەن کە لەخۆوە شت دەڵێن:

## قسە لەسەر بەربەرە دوورەکان:

نموونەی یەکەم لەبارەی باکووری ئەفەریقایەو بەتایبەت گەلی (بەربەر) یاخود (ئەمازیغ). برادەرێك بەناوی (عەبدولوەهاب عەلی) لە ڕۆژنامەی خەبات (١٩١٧ لە ٢٠٠٥/٩/١٥ ل ١٣) ئەم ناونیشانە دەنووسێت: ئەمازیغەکانو قورئان.

نووسەر باسی ئەمازیغەکان دەکات کە قورئانیان لە زمانی عەرەبییەوە گۆڕییە سەر زمانی ئەمازیغی، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زمانی خۆیان بکەن. ئینجا نووسەر داوا دەکات: بۆیە دەبێت ئێمەی کوردیش قورئان بەزمانی خۆمان بخوێنین بەتایبەت لەبواری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا.

پرسیارو سەرسوڕمانەکە بۆ خوێنەری جێدەهێڵم کە ئایا ئەو برادەرە لەوڵاتی ئەمازیغەوە هاتووە یان لەوڵاترەوە؟! چونکە مەعلوومە پەروەردەو فێرکردنی وانەی ئاینو قورئان هەر بە کوردییە.

نووسەر دەڵێت: ((ئەم میللەتە لەباکووری ئەفەریقا هەر لەدێر زەمانەوە دەژێت وهەرێمو ناوچەی جیاوازی خۆیان هەیە بەتایبەت لە وڵاتی مەغریبو تونسو جەزائیرو ژمارەیەکی زۆر کەمیشیان لە مۆریتانیاو لیبیاو سۆماڵو بیابانی گەورەو ڕۆژئاوای ((پۆلیساریۆ)) دەژین)).

سۆماڵ بخەرە ئەولاوە کە نازانم چی هێنایە ناو باس، بەڵام سەرنجی پۆلیساریۆ بدە. نووسەر پۆلیساریۆی بە وڵات زانیوە!! پۆلیساریۆ Polisario ڕێکخراوێکی سەربەخۆخوازە ساڵانێکی دووروودرێژە شەڕ دژی شانشینی مەغریب بۆ سەربەخۆیی بیابانی ڕۆژئاوا دەکات هەرچەندە خۆشیان هەر عەرەبن. ناوی پۆلیساریۆ کورتەی ناوە ئیسپانییەکەی (بەرەی میللی ئازادکردنی ئەلساقیە ئەلحەمراو ریو دی ئۆرۆ)یە کە ئەمەیە:

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

Frente Popular para la Liberacion da Saguia el Hamra y Rio de Oro.

قسەی ئەو برادەرە شتێکە وەکو ئەوەی بوترێ کورد لە عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا و ڕۆژئاوای (پەکەکە)دا دەژی!

نووسەر باسی ئەمازیغ دەکات و دەڵێ: "ئەم گەلە پتر لە هەزار ساڵە لەژێر فشارو زوڵمی ئەو وڵاتانەدایە کە بریتین لە عەرەبی شۆڤێنی و ئیسلامی دەمارگیری توندڕەو کە زۆر نامرۆڤانە ئایین و مێژووو دابونەریتی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی تری ئەو ناوچەیەدا سەپاندووە. ئەمازیغەکانی باکووری ئەفەریقا پارچەپارچە کراون و بەزۆر بەئیسلام کراون بەزۆریش بە عارەب دانراون و ناویان دەبەن وەك بڵێن بەشێك بن لەنەتەوەی عارەب.خاوەنی ڕەسەن و ڕاستەقینەی باکووری ئەفریقان بەڵام بەناوی غەزاو جیهادوفتوحاتی ئیسلامەوە وڵاتەکەیان داگیرکراو ((ئیسلام و عروبە))یان سەپاند بەسەریاندا و زمانی خۆیان لێ قەدەغەکردن و زمانی عەرەبی و قورئانیان بەزۆرەملێ و زەبروزەنگ فێرکردن تا ئەو ئاستەی قسەکردن بە ئەمازیغی تاوان بوو".

نەهامەتی خوێنەری کورد بەڵکو خوێنەری هەر وڵاتێك ڕەخنە تێیدا لاوازە ئەوەیە ئەو زانیارییە سەیرانە وەکو ڕاستی بزانرێن. سەرەتا کێشەیەك لە مێژووی هاتنی بەربەر بۆ باکووری ئەفەریقا هەیە وەك چۆن کێشە لە مێژووی کۆنی کوردستان هەیە. تیۆرێك دەڵێ ئەوان لە ئەوروپاوە هاتبوون و باکووری ئەفەریقایان داگیر کرد. قسەی ((خەڵکی ڕەسەن))ی باکووری ئەفەریقا بۆ ئەمازیغ ڕاستە وەك چۆن بۆ گەلانی پێش هاتنی ئەوانیش هەر ڕاستە.

لەکاتی فتووحاتدا بەشێکی بەربەر بوونە موسڵمان، لەکاتی خەلیفەی ئەمەویشدا عومەر کوڕی عەبدولعەزیز ئیسلام بەتەواوی بەناویاندا بڵاوبووەوە. ئەو زوڵمەش کە لە بەربەر لەسەر دەستی ئومەوییەکان کرا پەیوەندیی بە ئیسلامەوە نەبووەو تەماعی دەسەڵاتداران هانی دابوو بۆیە دەبینین بیروبۆچوونی خەوارج لەناو بەربەردا پەیدا بوو، وەك چۆن لەناو موسڵمانانی ڕۆژهەڵاتدا، بە عەرەب و غەیری عەرەبەوە، پەیدا ببوو. ئێستش ڕووبەری خاکەکەیان لەچاو جاران کەمتر بۆتەوە، بەڵام ئەمە پەیوەندیی بە تێکەڵاوبوونی میللەتانەوە هەیە، ئەو دیاردەیەی لەمێژووی هەموو مرۆڤایەتیدا هەیە و مەرج نییە هەموو توانەوەیەك بەهۆی زەبر و زەنگ بووبێ چونکە دوو هۆکاری تر هەن: زاڵبوونی ڕێژەی دانیشتوانی یەك لە دوو میللەتەکەو جیاوازی شارستانیی دوو میللەتەکە.

بەربەر لەدوای فتووحاتی ئیسلامییەوە بوونە بەشێك لە سوپای ئیسلامی، تەنانەت تاریق کوڕی زیادیش کە فەتحی ئەندەلوسی کرد بەربەر بوو. ئەگەر بەربەریش ئەوسا لە باکووری ئەفەریقادا بوون، لەسایەی فتووحاتی ئیسلامیدا چوونە ئیسپانیا. ئەندەلوسی موسڵمانیش بەتەنیا عەرەبی نەبووە بەڵکو بەربەریشی تێدا بوو.

نووسەر باسی زیاتر لە هەزار ساڵ چەوساندنەوە بەدەستی ئەو وڵاتانە کردووە کە ((عەرەبی شۆڤێنی و ئیسلامی توندڕەو بوون)). ئەو تەعبیرانە بۆ ئەو کاتانە سەیرن بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر باسی هەزار ساڵ زیاتر پێش ئێستا بکەین دەگەینە سەدەی پێنجەمی زاینی، گاڵتەجارییەکەش لەو مێژووەدایە چونکە ئەو کاتە بوو کە دەوڵەتێکی بەهێزی بەربەری لە باکووری ئەفەریقاو هەروەها باشووری وڵاتی بەربەر بەناوی دەوڵەتی مورابیتەکان دروست ببوو.

دەوڵەتی مورابیتی (کە لە ٤٤٨ تا ٥٤١ی کۆچی- ١٠٥٦ تا ١١٤٦ی زاینی دەوامی کرد) بە دروشمی جیهادەوە دەوڵەتێکی گەورەیان دروستکرد، کە لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە بۆ جەزائیر درێژبووەوەو لە باشووردا گەشتە سەنیگال، دواتریش ئەندەلوسیشی کەوتە دەست و کۆتایی بە دووبەرەکی و پارچەپارچەبوونی دەوڵەتۆکە موسڵمانەکانی هێنا. فەرمانڕەوای

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

ناوداری ئەو دەوڵەتە (یوسف کوڕی تاشوفین) کە لە مێژووی ئیسلامیدا بۆتە نموونەی سەرکردەی موجاهیدو خواناس و زاهید تەنانەت عەرەبیشی نەدەزانی چ جای ئەوەی ((عەرەبی شۆڤێنی و ئیسلامی دەمارگیری توندڕەو)) خۆی و خەڵکەکەیان کردبێتە عەرەب و زمانی خۆیانیان لێ قەدەغەکردووە. دەوڵەتی مووەحیدەکانیش کە کۆتاییان بە مورابیتەکان هێنا هەر بەربەری بوو و دیسان ئەمیان دەوڵەتێکی بەهێز بوو (٥٢٤-٦٦٨ی کۆچی، ١١٢٩-١٢٦٩ی زاینی).

دیارە ئەو هەموو خەیاڵەی نووسەر لەکوێوە هاتووە، نووسەرانمان لەسەر مێزێك دادەنیشن و تا پاکەتێك جگەرە دەکێشن فتووحاتی نووسین و خەیاڵیان بەسەردا دەبارێ.

## لە کوردستانەوە بۆ ئەندەلوس:

نموونەی دووەم بابەتێکی کۆنترە: (ئەندەلس یان ڤەندەلس)ی فەرهاد سەنگاوی (کوردستانی نوێ، ٢٨٨٧، لە ٢٠٠٢/١٠/١٣، ل٧). نووسەر باسی لەشکری موسڵمانان و خوتبەی تاریق کوڕی زیاد دەکات کە جەنگاوەرانی هانداوە:.. بەهەشت بە باخ و قەسرەوە، خۆشتر لەهەمووی ژنە باڵا بەرزە سەوز و سپییەکانیش هەر بۆ ئێوەن..تاد کە ئەو خوتبەیە جێگەی گومانی مێژووناسانە لەبەر چەند هۆیەك (شێوازە ئەدەبییەکەی هی سەردەمانی دواترە، هاتنی وشەی یۆنانی کە ئەو وشەیە ئەو کاتە بەکار نەدەهات، یەك مێژوونووسی ڕۆژهەڵاتی باسیکردووە..تاد). بەڵام چۆن نووسەرەکەمان ئەمە بزانێ، لەکاتێکدا ئاگای لە ڕاستییەك لەوە سادەتر نییە؟ سەنگاوی دەڵێ کە ناوی ئەندەلس(!) وشەیەکی لاتینییە بەواتای وێرانی و بۆیە لەوڵاتە نراوە چونکە عەرەبەکان خاپووریان کرد!!

قسەی وا یەکەم جارە لە مێژوودا بوترێ. جارێ مێژوونووسە ئەورووپاییەکان باشتر لە مێژوونووسە موسڵمانەکان ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئیسپانیای پێش فەتحی ئیسلامی وڵاتی فەوزا و دواکەوتن بووە و سەردەمی ئیسلامی لە ئەندەلوس سەردەمی زێڕینی زانست بوو، لەوەش سەیرتر ناوەکەیە. ئەندەلوس بەر لە گەشتنی موسڵمانان ناوی ئەندەلوسیا بوو، ئەو ناوە لە ناوی خێڵە جەرمانییەکان ڤاندال یان واندال بووە کە داگیریانکردبوو. ئەو خێڵانە نموونەی وێرانکاری بوون، وێرانەیان لەدوای خۆیاندا جێهێشتبوو و هیچیان ئاوەدان نەکردبوو، کاتێکیش بۆ ئەفەریقا پەڕیبوونەوەو سەدەیەك حوکمیان کرد، جگە لە یادەکانی وێرانی هیچیان لەدوای خۆیاندا جێنەهێشتبوو(فیشر، تاريخ اوربا في العصور الوسطى، القسم الاول، و. محمد مصطفى زيادة و السيد الباز العريني، ١٩٥٠، ل٣٠)، لەمەشەوە وشەی ڤاندال جگەلەوەی ناوی ئەو خێڵانە بوو بووە زاراوەیەك بۆ ئەو کەسەی موڵکی کەسی یان موڵکی گشتی وێران بکات (فەرهەنگی وێبستەر).

چیت بەخەیاڵدا هات بیڵێ، ئەمە بڕگەی یەکەمی یاسای نەنووسراوی نووسینە لای ئێمە.

## ئاسۆ جەبارو کۆمەڵگە داخراوەکەی:

ئەمەی خوارەوە هەڵبژاردەیە لە بابەتێکی دووروودرێژترم کە دوودڵبووم لە بڵاوکردنەوەی، چونکە حەزم نەکرد لەگەڵ ئەو نووسەرە لاوە ڕەق بم، بەڵام دەشزانم کە ناکرێ مرۆڤ تا سەر لە هەڵە بێدەنگ بێ. کتێبەکەی ئاسۆ (کۆمەڵگای داخراو، ڕۆشنبیر، دەسەڵات، کۆمەڵگا- چاپی دووەم ٢٠٠٤) کۆی چەند بابەتی خۆی و چەند دیمانەیەك لەگەڵیدا کراون و وەزارەتی ڕۆشنبیریی سلێمانی بۆی بڵاوکردۆتەوە. ڕێزکردنی ئەو سەرچاوانەی کە نووسەر نەیدیون نەخۆشییەکە زۆر لە نووسەرانی کوردستانی گرتۆتەوە.

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

نووسەری لاو لە کتێبەکەیدا ژمارەیەك سەرچاوەی ڕیزکردووە، ئەوەشی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام ئەوانەی گوایە سەرچاوەی ئینگلیزین، هەر تەماشای ئەو لیستی سەرچاوانەم کرد نیوەدڵنیا بووم کە نووسەر لەخۆوە ئەمانەی نووسیوە، یەکێك لەو سەرچاوانە وا نووسراوە:

Cornelius Castoridis : le monde morcele

سەرچاوەکە ئاوا بێ ساڵو بێ شوێنی دەرچوون..تاد نووسراوە. ناوونیشانەکەش فەڕەنسییە، ئەی چی دەکات لەناو ((سەرچاوە ئینگلیزییەکان))دا؟! لەمەوە دیارە نووسەرەکەمان ئینگلیزی لە فەڕەنسی جیاناکاتەوە. لیستی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییانە یەك پارچە هەڵەیە لەو جۆرە هەڵانەی هیچ پاساوێکیان نییەو نموونەیەکی زەقن کە نووسەر لەسەرچاوەی ترەوە وا بەسەقەتی نقڵی کردوون. وەتاکە تێبینییەکیش لەسەر ((زانینی)) زمانی ئینگلیزی بڕوانە ناوی شاری کۆنی عیراق (ئوروك) کە بەوشێوەیە نوسیویەتی کەلەسەرچاوەکانی جولەکەدا هاتووە واتە (ارخ) و E r ech نووسیویەتی (ئیرس) کە هەر کەسێك کەمترین شت لەبارەی ئینگلیزییەوە بزانێت دەزانێ ( c h ) لەهیچ حاڵەتێکدا بە (س)ناخوێنرێتەوە، بێگومان لەهیچ زمانێکی ئەورووپایی بەربڵاوی تریش.

بەمجۆرە نووسەر هەمان ئیشی زۆر کەسی لای خۆمانی کردووە، کاتێك سەرچاوەیەکی عەرەبی یان فارسی دەبینن و زانیارییەکی لێ نەقڵ دەکەن، سەرچاوە عەرەبی یان فارسییەکەش پەراوێزێکی داناوە کە بریتییە لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزی یان فەرەنسی.. نووسەری لاوی خۆشمان ناوی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییە دەنووسێت بێ ئەوەی چاوی پێ کەوتبێت (نەخوازەڵا خوێندبێتیەوە)، ئەوەیش بۆ ئەوەی خوێنەر بڵێت سەرچاوەی ئینگلیزیی بەکارهێناوە.

زۆربەی نووسەرانمان ئەمە دەکەن، ئەوان کە تەنانەت عەرەبییەکەیان بۆن چرووکی دێ، لیستێکی قەڵەوی سەرچاوە ئینگلیزی، ڕەنگە زمانی تریش، دەنووسن.

کاك ئاسۆ لەناو سەرچاوە عەرەبییەکاندا ناوی کتێبی (دین الانسان)ی (فراس السواح)ی نووسیوە، ئەگەر تەماشای هەندێك لەو سەرچاوە ئینگلیزییانەی ئاسۆ ناوی بردوون بکەین و بەراوردیان بکەین لەگەڵ ئەوانەی (السواح) دەبینین نووسەری خۆمان سووك و باریك ناوی ئەو سەرچاوانەی بردووە. بەواتایەکی ترو بە زمانی جەبر: (السواح) زانیاریی (س)ی نووسیوە و لەپەراوێزدا ناوی سەرچاوەی ئینگلیزیی (ك)ی داناوە، کاك ئاسۆ هاتووە زانیاریی (س)ی نەقڵکردووە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ناوی کتێبەکەی (السواح) وەك سەرچاوە بنووسێ، شەقی لەم هەڵداوەو سەرچاوەی ئینگلیزیی (ك)ی نووسیوە. سەرەڕای ئەوە لە چەندین شوێن نووسینە عەرەبییەکەی بە هەڵە وەرگێڕاوە، هەروەها ناو و ژمارەی لاپەڕەی ئەو سەرچاوە ئینگلیزییانەشی دیسان بە هەڵە نەقڵکردووە، ئینجا بەزمانی نموونە قسە بکەین، نموونەکانیش بۆ دو یان سێ کورت دەکەمەوە:

١- (فراس السواح)، لە لاپەڕە ٢٣ باسی ماکس میولەر دەکات کە وا باسی ئاینی کردووە:

"الدين هو كدح من اجل تصور ما لايمكن تصوره و قول ما لايمكن التعبير عنه، انه توق الى اللانهائي"، (السواح) لە پەراوێزدا ناوی بەرهەمی میولەر بە ئینگلیزی دەنووسێت، کاك ئاسۆش ئەم پاراگرافە دەنووسێتەوەو لەجیاتی کتێبە عەرەبییەکەی (السواح) ئەوەی ماکس میولەر دەنووسێت، ئەویش بە دەستکاریی و هەڵەوە. لەمە سەیرتر وەرگێڕانی پاراگرافەکەیە. وەرگێڕانی دروست ئەمەیە: "ئاین تێکۆشانێکە لەپێناوی وێناکردنی ئەوەی لەتواناادا نییە وێنابکرێت و وتنی ئەوەی لەتواناادا نییە گوزارشتی لێ بکرێت، ئاین تامەزرۆییەکە بۆ (ناکۆتا)"

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

کاك ئاسۆ وای وەردەگێڕێت: "ئاین چەپاندنێکە لەپێناو شێوە وێناندنێکدا کە بۆ خۆی لەتوانای وێناندندا نییە، وتەیەکە کە لە تواناد‌ا نییە گوزارشتی لێ بکرێت، کەواتە ئاین کۆتۆبەندێکی ناکۆتایە(نەبڕاوەیە)"(ل١٦٠).

بەم جۆرە (کدح) کە تێکۆشان یاخود ڕەنجدانە بە (کبح) یان (کبت) دەزانێ و ئەم (کدح)ە لای نووسەرەکەمان بۆ وێناکردنی شتێك نییە بەڵکو بۆ شێوە وێناکردنەکەیەو ئەوەشی "وێناناکرێت" شتەکە نییە بەڵکو وێناکردنەکەیەو ئەوەی "ناتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت" شتەکە نییە بەڵکو وتەکە خۆیەتی.. نووسەرەکەمان پاراگرافەکە بە نوکتەیەك تەواو دەکات ئەویش ئەوەیە وشەی عەرەبیی توق (تەوق=تامەزرۆیی)ی بە (طوق) زانیوە بۆیە کردوویەتی بە کۆتوبەند (تێبینییەکی زیادە: کۆتوبەند مەرج نییە ئەو تەوقە بێ چونکە تەوق دەورەی شت دەدات لەکاتێکدا کۆتوبەند دەکرێ دەورەی بدات یان دەورەی نەدات). بەم جۆرە میولەر ئاین بە تامەزرۆیی بۆ ناکۆتا دەزانێ بەڵام کاك ئاسۆ وا تێدەگات ئاین کۆتوبەندێکی ناکۆتایە.

(السواح) چەند بەشێك لە دەقی سەنسکریتیی (ئۆپانیشاد) دەهێنێتەوەو لە پەراوێزدا ئاماژە بۆ سەرچاوەیەکی ئینگلیزی دەکات کە وەرگێڕانی دەقە سەنسکریتییەکەی تێدایە. ناوبراو لە خوار هەر بەشێك ناوی ئەو بەشەی ئوپانیشاد دەنووسێتەوە. بۆ نموونە بۆ دەقی خوارەوە دەنووسێت: Kath Opanishad, Ch 2,1/12-13,2/3-4 . بەڵام نووسەرەکەی خۆمان کاتێك ئەو دەقە دەکاتە کوردی، نەك تەنها ناوی کتێبەکەی (السواح) نانووسێت، بەڵکو تەنانەت ناوی سەرچاوە ئینگلیزییەکە نانووسێتەوەو لەجیاتی ئەوە ئەو بەشەی ئوپانیشاد دەنووسێتەوە واتە:

Kath Opanishad,Ch2,1/12-,2/3-4

(بڕوانە کە جگە لەوە هەڵە لە نەقڵیش هەیە). لە هەمووشی خۆشتر ئەوەیە لەلیستی سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا دەنووسێتەوە:

**Kath Opanishad- Ch 2.**

ئایا کەس لە لیستی سەرچاوەکاندا ناوی سەرچاوە بەم جۆرە دەنووسێت: فەسڵی دووەمی کتێبی (س)؟

کاك ئاسۆ ئەو دەقەی ئۆپانیشاد کە لە کتێبەکەی (فراس السواح) وەریگرتووە بەڵام ناوی سەرچاوە ئینگلیزییەکەی نووسیوە ئەمەیە: ولكن القلب الذى بحجم اصبع الاتهام(ل٢٧٣ی کتێبەکەی السواح)، واتە: "بەڵام ئەو دڵەی قەبارەی هێندەی پەنجەی تاوانبارکردنە" (دیارە مەبەست لە پەنجەی شایەتمانییە).

ئەمەش وەرگێڕانەکەی ئاسۆیە(ل١٩٨): "بەڵام ئەو دڵەی هێندەی پەنجەیەك گەورەیە".

بەشێکی تری ئوپانیشاد کە (السواح) شتی لێ وەرگرتووە ئەمەیە: Ken Opanishad کاك ئاسۆش شتی لێ نەقڵ کردووە. لاپەڕە ١٨٤-١٨٥ دوو دەق هەیە کە هەردووکیان هەڵەی وەرگێڕانیان تێدایەو تەنها دووەمیان وەردەگرم. (فراس) دەڵێت: لە ئوپانیشاددا ئەمەش هەروەها دەخوێنینەوە(ل ٢٣٧). کاك ئاسۆش تەنانەت ئەمەش وەردەگێڕێت بەڵام وای دەنووسێت: دوابەدوای ئەوە ئەم چەند دێڕەش دەخوێنینەوە. لە دەقە عەرەبییەکەدا دوو جار نووسراوە (لااعتقد-لەو باوەڕەدا نیم) ئاسۆش دەڵێت (لەو باوەڕەدا مەبە).

لە دەقە عەرەبییەکەدا ئەمە هەیە: "من يدرك مني هذا القول" (ل ٢٣٨) واتە: ئەوەی ئەم قسەیە لە من تێبگات (ئەم کوردییە سەقەتەش خەتای ئەو عەرەبییە سەقەتەی ئەو دێڕەیە)، کاك ئاسۆش دەنووسێت: هەر کەسێك ئەم قسانە لە من وەربگرێت (ل ١٨٥). خۆ ئەگەر چاویش لەو وەرگێڕانە بپۆشین ناتوانین زەردەخەنەیەك بەم وەرگێڕانەی تر پێشکەش نەکەین: دەقی عەرەبی باسی بوونەوەرێك دەکات و دەڵێت: "و الحكيم الذى يلمس حضوره انى توجه" (ل ٢٣٨)،

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

واتە ئەو دانایەی ڕووبکاتە هەر کوێیەك هەست (یان دەرك) بە حوزووری (ئەو بوونەوەرە) دەكات. کەچی کاك ئاسۆ دەنووسێت: منم ئەو پێغەمبەرەی لە حوزوورییەوە پەیامێکم هەیە (ل ١٨٥)!!

کاك ئاسۆ وایزانیوە أنّی (ئەننا) کە لێرەدا واتای (کوێ) یان (هەرکوێیەك)ی هەیە، بە إنّـي (ئینـنی) واتا "من" زانیوە. ناشزانین چۆن دانا بووە پێغەمبەرو وشەی پەیام لە کوێوە هات، ئەمە جگە لە باقی وەرگێڕانی هەڵەی ئەو پێنج شەش وشەیە!

کاك ئاسۆ (لاپەڕە ١٥٨-١٥٩) یانزە دێڕ لە لاپەڕە (٢٥)ی کتێبەکەی (فراس السواح) وەردەگرێتو لەکۆتاییدا پەراوێزێك بۆ کتێبەکەی (جەیمس فرەیزەر)؛ "چڵی زێڕین" دادەنێ، ئەو پەراوێزەش لەڕاستیدا هەر هی (السواح)ـە. نووسەری خۆمان ناوی جەیمس فرەیزەر James Frazer لێرەشو لە لیستی سەرچاوەکاندا دەنووسێت: Jems Frezar کە دیارە هەڵەی چاپ نییە چونکە پێی دەڵێ (فریزەر).

(السواح) باسی فرەیزەر دەکات کە پێناسەیکی پێشکەش کرد کە تەواوکەری ئەوەی (تایلەر)ـە. کەچی کاك ئاسۆ دەڵێت فرەیزەر: "پێشنیاری بڕیارەکەی تایلۆر دەکات"... کە ئەمە جگە لەوەی وەرگێڕانێکی تەواو هەڵەیە هیچ واتایەکی نییە.

بەپێی دەقەکە ئاین لای فرەیزەر ڕازی کردن (استرضاء)و داوای کۆمەکە لە هێزگەلێکی بالاتر لە مرۆڤ. کاك ئاسۆ(استرضاء) بە (خاوبوونەوە) وەردەگێڕێت کە دیارە وایزانیوە (استرخاء)ـە! ئەمەش دەچێتە پاڵ دەیان بەڵگەی تر، کە بوار نییە هەموویان بخرێنەڕوو، کە دەقەکانی لەو سەرچاوە عەرەبییانە وەرگرتووە نەك لەو سەرچاوە ئینگلیزییانەی ناوی بردوون.

ئەمە بەشێکی کەمە لە نامیلکەکەی کاك ئاسۆ. هەڵبەت ئەگەر ((بردنی)) ناوی سەرچاوەی ئینگلیزی لە سەرچاوەی عەرەبیو وەرگێڕانی سەقەتی دەقە عەرەبییەکە گوناهێکە، قسەکردن لەسەر بناغەی ئەو ((زانیارییانە)) گوناهی دووەمەو هێندەی یەکەم گەورەیە. نووسەر ئەمە ئاستی مامەڵەیەتی لەگەڵ سەرچاوەو دەقەکاندا، دەبێ چۆن باسی شتی وەك کۆمەڵگەی داخراوو کراوەو دیموکراسیوتیرۆرو میرۆر بکات؟ بەداخەوە کاك ئاسۆ نەك تەنها لەبارەی ئەمانە قسە دەکات، بەڵکو حوکمی فیکریو ئەخلاقی دەدات: سەلەفییەکان وا و وا، سەلەفییەت ئاوا و ئاوا، ئەمما مۆدێرنیتە تادوا و تادوا.

خۆشترو سەیرتریش ئەوەیە کاك ئاسۆ نووسینێکی تری ناوناوە (دەسەڵاتی جەهل)و جۆرەها جەهل باس دەکات تا دەگاتە ئەوەی بڵێ: "ئا ئەمەیە سەرچاوەیەکی دیکەی جەهل کە قورئانە"! منیش دەڵێم بریا لەو جەهلەی باسی دەکات تەنها یەك سوورەتی بزانیایە، بەڵێ جەهل زۆر لەوە بەدەسەڵاتترە.